www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-1-2007 20:00

ئاخ بۆ مامۆستا مانگرتووەکانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار ... دەماوەن کەلاری

بەڕێزان:-

ئاخ ئاخ و داخ داخ　　وەی وەی و ڕۆ ڕۆ
هەر هەشت بە یەکجار　　لە لام بوون کۆ

ئای لەم نیشتمانە چارە ڕەش و پڕ ئێش و ئازارو ئەشکەنجەی ئێمە. ئۆف لەم دۆزەخە بچوکەی سەر گۆی زەوی و سەردەمی عەولەمە، کە لە ناو ئاخنیدا واقیع و ڕاستی و ناو و ناوەڕۆك و گوفتار و کردارەکان زۆر دوور و پێچەوانەی یەکن و لەوە ناچێ (تامەسور ئەدا لە کەوان) لەو هەل و مەرج و بارودۆخ و زەمینە نالەبار و ناهەمواره ڕزگارمان ببێت. چونکە قسەمان زۆرتره لە کردەوەمان، بە ناو و ناونیشان و پلەی تایبەت بێت لە هیچمان کەم نیە و ئەم ووڵاتە پڕە لە (سیاسەت مەدار و سەرکردە و فەرماندەو لێپرسراو و شارەزا و ڕاوێژکار پرۆفیسۆر وڕاگر و بەڕێوەبەر و. . . . هتد) . بەڵام بە ناوەڕۆك و کردەوە زۆر هەن نیگەتیڤی ناوو ناونیشانەکانی خۆیانن. . . !!! بە داخەوە ئەمڕۆ زۆر کەسی خۆپەرست و هەلپەرست و هەڵپەرست بۆ بەرژەوەندی تەسك و تایبەتی خۆیان سودیان لە بنەمای نایاسایی و نابابەتی و هۆکارەکانی وەك (خزمایەتی و حیزبایەتی و دەسەگەری و ناوچەگەری ومەحسوبیەت و پەیوەندیە شەخسی و نەفسی و کۆمەڵایەتیە ناڕەواکان وەرگرتوە و توانیویانە دزە بکەنە ڕیزی پێشەوەی دام و دەزگاکان و جڵەوی دەست پێشخەری بگرنە دەست و (بێ یاسایی بکەن بە یاسا) بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان و (یاسای جەنگەڵ) پیادە بکەن و خەڵك توشی جۆرەها زوڵم وغوبن و مەغدوریەت بکەن بە هۆی ئەو جۆرە (هەڵەو هەرزە و بۆرە پیاوانەوە) پێناسەی (گەندەڵستان) و (جەنگەلستان) و (شاری خامۆشان) و (دێ ی بێ کەسە) ببڕێت بە باڵای حکومەت کە دەریایەك خوێنی پێ دراوە و (چاوی ڕەشمان کاڵ بکەنەوە) و، ئەوانەش لە تەنگانەدا هەمیشە (دەستیان گرتووە بە کڵاوەکانیانەوە بۆ ئەوەی با نەیبات) .

ئەوە پەیمانگای تەکنیکی کەلار و (ڕاگر) ە کەیەتی کە بە قەبارە زۆر بچوکە لە چاو دامودەزگاکانی حکومەت دا، بەڵام نمونەیەکی زیندوە بۆ گەندەڵیە (ئیداری و دارایی و ئەخلاقی و فیکریە) دور لە (یاسا وعەقڵ و مەنتیق و مەبدەئە ویژدانی و مرۆییەکگان) و زۆر زانستیانەوە ڕاستگویانەش خراوەتە بەردەستی لێپرسراوان بەڵام ئەوەتا کەس نیە خۆی بکات بە خاوەنی و بە بکەرەکانی بڵێ (پشتی چاوتان برۆیە) ئەنجامدەرانیش خۆیان بە (جندی مەجهول و ڕازق و بەحرالعلوم ودەریا) تێ ئەگەن و نەیارەکانیشیان بە (بێ ئەدەب و بێ ڕەوشت و نەزان و حوشتر و میگەل وسەگ و قۆندەرە ماچکەر و دایك بەرەلا و گێرەشێوێن) . . . ئەزانن و لە کۆبونەوە و ڕۆژنامە و بەردەم کامیراکاندا بێشەرم و شۆ ئەیجون و ئەیجونەوە و لە ژێر ناوی ئەم سیاسەتمەدار و ئەو لێپرسراودا (لە سەر سکی تێر و گیرفانی پڕ) وەك (کونە فیشاڵ) هەموو سنورەکان ئەبەزێنن و هێڵی سوریان نیە لە بەرانبەر ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەدا کە زۆر جار (بە سکی برسی و گیرفانی بەتاڵ) کارەکان ڕائەپەڕێنن و وانەکان ئەڵێنەوە، واش لە جیاتی دەست خۆشی سوکایەتیان پێ ئەکەن و بە بەرچاویانەوە چەندین کاری نایاسایی ونائاسایی و پێچەوانەی عورفی کۆمەڵایەتی بێ شەرم و شۆ ئەنجام ئەدەن.

- مەگەر هەربڵێین:

بۆ لای کێ بەرم ئەم ئەرزە و حاڵە
کێ دەرمانی کا ئەم زامە کاڵە

2007-1-25

ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.